# سومبولی وەزارەتی مافی مرۆڤ
# پێشکەش بە قونسولیەی بەریتانی کرا....




لە چوارچێوەی کاری بەردەوام بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی کە ئەمڕۆ (25)ی نۆڤەمبەر بەرۆژی ئیعلانکردنی بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە ناوزەدکراوە، بەتایبەت لەبەردەوامی هەوڵەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەگەڵ قونسولیەی بەریتانی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە... ئەمڕۆ 2008/11/25 بەڕێز د.شوان محەمەد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ لە نووسینگەی تایبەتی خۆی لە دیوانی وەزارەت چاوی بە خاتوو (کلیر بروس) جێگری قونسلیە کەوت.

وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی وەفدی میوان، وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:دیارە ئەمڕۆ رۆژێکی گرنگە کە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتانە، نەك هەر لەسەر ئاستی وڵاتەکەی ئێمە بەڵکو لەسەر ئاستی هەموو دونیا، بۆیە لەم روانگەیەوە دەبێ ئەوە رابگەیەنین کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەستبەرکاربوونی وەزارەتی مافی مرۆڤەوە، قونسولیەی بەریتانی لە هەرێمەکە لەگەڵ وەزارەت

هاوكار بووەو كاری هاوبەش لەبواری رووبەڕووبوونەوە و كەمكردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتان كراوە و رۆلی پڕ بایەخیان هەبووە ئەویش بە خستنەڕووی پڕۆژەی سوود بەخشانە لەسەرووی هەمووشیانەوەوەكو تەحەددایەك بۆ ئەم رووبەروبوبونەوەیە لە كوردستان  ئەوانە بەشداری كاریگەرییان لەم رەوشەدا هەبووە ئەویش بە ناردنی كەسانی پسپۆڕ و پەیوەندیدار لە وەزارەت و رێكخراوە تایبەتمەند و دادوەرەكان و نوێنەرانی كۆمەڵگا بۆ بەشداریكردنیان لەم تەجرەبەیەی كە حكومەتی بەریتانی ئەنجامیداوە ئەویش بە ناردنی وەفدێكی فراوان بۆ وڵاتی پاكستان بۆ روانین و پتر زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەم پرۆژە سەركەوتووەی كە ئەوان بۆ كەمكردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەم وڵاتەدا ئەنجامیاندابوو بەمەبەستی هەمان تەجرەبەو هێنانەوەی بۆ هەرێمی كوردستان.

هەروەها د. شوان محمد عەزیز زیاتر لە رۆڵی قونسوڵیەی بەریتانی لە هەرێمی كوردستان دوا و گوتی: دروست لەگەڵ گەڕانەوەی وەفدەكە پرۆژەیەكی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی مافی مرۆڤ و قونسوڵیە ئەنجامدرا كە بریتیبوو لە سەردانی لادێكانی كوردستان بۆ روونكردنەوەی ئەم رەوشە و لە نزیكەوە گوێگرتن لە ناخی ژنان و پیاوان و  پیاوانی ئایینی بەتایبەت لە لادێكان بۆ دەسكەوتنی زانیاری زیاتر لەمەڕ ئەم رەوشە و كاركردن لەسەری و دانانی بەرنامەی گونجاو، لەم پرۆژەیەشدا دەیان پۆستەر لە لادێ و شار و شارۆچكەكان بڵاوكرایەوە و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی بۆ ئامادە و پێشكەشكرا و سیمینار و كۆڕ  بەسترا كە تارادەیەكی باش كاری خۆی لەم بوارەدا كردووە و بەڵگەشمان ئەم ئامارە فەرمیەیە كە لەسەرەتای ساڵەوە تا مانگی ئەیلول دیاردەی كوشتن كەمبۆتەوە...

ئینجا وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:

لەبری ئەم هاوكاری و هاریكارییە بەردەوامەی قونسولیەی بەریتانی لە هەرێمی كوردستان خۆشحاڵمان دەكات كە بەناوی وەزارەتی مافی مرۆڤی حكومەتی هەرێمی كوردستان وێرای ستایش كردن سومبولی وەزارەتی مافی مرۆڤ بە خاتوو (كلیر بروس) جێگری قونسولی بەریتانی بدرێ كە شایەنی ئەم هەوڵە بەردەوامەی ئەوانە...

لەبەرامبەردا جێگری قونسولی بەریتانی ئەم ویسامەی بە دیارییەكی نرخدار وەسفكردو دووپاتیشی كردەوە كە هاوكاری و پەیوەندییەكان لەگەڵ وەزارەتی مافی  مرۆڤ بەردەوام دەبێت بۆ هێنانە كایەی ئەم مەبەستەی كە هەوڵەكان لە كاردان بۆی ئەویش بەرنگاربوونەوە و

کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان و ئافرەتانە، هەروەها هەردولا باسیان لە رەوشی رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەنووسان کرد و کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ زیاتر برەو بە دەربڕینی ئازادنە بدرێ و پارێزگاری لە قودسیەتی رۆژنامەنووسیی و رۆژنامەنووسان بکرێ...

هەر لەم دیدارەدا گفتوگۆ لەسەر باری ژیانی مەسیحیەکانی پارێزگای موسڵ کرا و ئەم پێشێلکارییانەی کە لەلایەن تیرۆرستانەوە دەرحەقیان دەکرێ بەکارێکی ناڕەواو دوور لە مرۆڤایەتیان وەسفکردو هەردوولا بەتوندی مەحکومی ئەم رەفتارە نامرۆڤایەتیانەیان کرد...

شایانی باسە لەم دیدارەدا هەریەك لە بەڕێوەبەری گشتی دیوان و بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مافی مرۆڤ و راوێژکاری وەزارەت و ژمارەیەك لە پسپۆڕ و کەسە تایبەتمەندەکانی ئەم بوارە لە دیوانی وەزارەت ئامادەیبوون.